# هەڤاڵ ئەبوبەکر "تەنیا بینا لە سلێمانیدا بەرزبێتەوە وەک ئەوە وایە تەنیا لە هەموو لەشماندا لوتمان گەورەبووبێت، کە دەبین بە تەیرێکی عەجایەب"

هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای رۆژنامەگەری لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە یەکەم کۆنفرانسە کە لە هەرێمی کوردستانو لە عێراقی دوای پرۆسەی ئازادی کە سازبکرێت، هەوڵی لەم جۆرە لە زۆر لە وڵاتانی دونیا کراوە، گرنگە لەمرۆ بەدواوە خەڵکی شارەکەو بەرپرسانی شارەکە ئەم جۆرە لە کارکردن بهێننەئاراوە ، "ئەم کۆنفرانسە بە ئاوێزانبوونی خەڵکو دەسەڵات دەبینمەوە".

لەم کۆنفرانسەدا پێکهاتەیەکی تەواوی خەڵکی پاریزگای سلێمانی بانگهێشتکراوە ، کەدەکرێت لەرێگەی ئەم کۆنفرانسەوە کۆمەڵێك پێشنیاز بەرزبکرێتەوە.

بێگومان لایەنی گرنگ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیازانە پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانو هێزە سیاسیەکانە، ئەوان تا چەند بە دەنگ بەجێهێنانی ئەم داواکاریو پێشنیازانەوەن بێن ئەوە گرنگە ، لەبەر ئەوەی دواجار ئەم داواوکاریو پێشنیازانە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ناتوانێ بیانهێنێتەجێ،بەڵکو کاری ئەو ئەوەیە وەك نوێنەرانی خەڵکی پارێزگای سلێمانی بیانگەیەنێتە شوێنە بەرزەکان ئەوانن مسۆگەری جێبەجێ کردنی دەکەن ،

ئومێدەوارین کە بتوانن لە ئاست خەباتو قوربانیو تێکۆشانو خواستو ئامانجی خەڵکدا بن، هەرچەند ئەو داخوازیانەی بەرزکراوەتەوە هەمو داخوازیەکانی خەڵکی نین، بەڵکو ئەو داخوازیانەن کە لەگەڵ بوودجەو تواناو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەگونجێت.

دەنا هەموو تاکێکی ئێمە سەدەها داواو خواستو ئارەزووی هەیە کە ئەشێ نەبووبن بە بەشێك لەو پێشنیازانە، بەڵام ئەگەر ئەم هەنگاوە سەرەکییە گرنگانە بنرێت، ئەوا ئەنجومەنی پارێزگاو دامودەزگاکانو تاكو رێکخراوی پیشەییو جەماوەری دەتوانن بەشەکانی تریجێبەجی بکەن.

*ئەم هەنگاوە ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت ببێت بەسەرە تایەك بۆ چەندها هەنگاوی تری لەم جۆرە؟

له چەند لایەکەوە گرنگە:

١- پێکهاتەکانی خەڵکی سلێمانی یەکیان گرتەوە ، من هاورێی وام بینیەوە ١٠ ساڵە نەمبینیوە، لێرە توانیمان پێکەوە دابنیشینو گفتوگۆ لەسەر ئایندەی شارەکەمان بکەین، دەکرێت بڵێم ئەم کۆنفرانسە بوە، سەکۆیەکی گفتوگۆ.

٢- تێکەڵکردنی راوبۆچوونەکانی حکومەتو خەڵکە،هەرچەند ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بریتی نییە لە حکومەت بە مانا موجەرەدەکەی، واتە نە ئەتوانی یاسادابنێو نەئەتوانێ هەموو کارەکانیش جێبەجێ بکات.بەلام بانگهێشتکردنی خەڵکی شار لەسەرئاستی پیشەییوئیداری ورۆشنبیری جیاوازو هاوکات ئەندام پەرلەمانەکان ونوێنەری حکومەت کە گوێ لە داواکاریەکانی خەڵك گرنگە.

کەواتە ئەمە تێکەڵاوکردنی

هەموو قۆڵەکانی کۆمەڵگایە بۆ ئەوەی دواتر کۆمەڵگا بەشێوەیەکی متکامل گەشەبکات، واتە تەنیا بینا لە سلێمانیدا بەرزنەبێتەوە کە وەکو ئەوە وایە تەنیا لە هەموو لەشماندا لووتمان گەورەبووبێت، دەبین بە تەیرێکی عەجایەب، ئەوەی لە سلێمانیدا دەیبینین

**لەقۆناغی دوای ئەمەدا کە ئەو ڕاسپاردانە ڕیکدەخرێن دەستەیەك هەبێ بۆ چاودێریکردنو بەدواداچوونی، بزانێ چەندێکیان جێبەجی دەکرێن، دیسانەوە خەڵکی لێ ئاگاداربکاتەوە، تەنیا نەکرێن بە کۆمەڵی دروشمی بیقەدار لەسەر کاغەزو پێشکەش بکرێن، یاخود دەسەڵاتدارەکان کۆیان بکەنەوە لەناو ڕەفەکانی خۆیاندا.**

گەشەکردنێکی ناسروشتیە، لەیەك لاوە گەشەدەکات. ڕێگاوبان گەشە ناکات کارەباو سووتەمەنی گەشەناکات، تاك گەشە ناکات، زانکۆ گەشە ناکات. ئەم کۆنفرانسە هەولێکە بۆ ئەوەی سلێمانی گەشەیەکی سروشتیانەی متکامل بکات.

کەواتە پێتان وایە ئەم کۆنفرانسە دروستکردنەوەی متمانەی نێوان خەڵك وحکومەتە؟

-بە دڵنیاییەوە، گوێ گرتن لەو خەڵکەی کەدەنگی بۆهەڵبزێراوانی دەسەڵات داوە ، جارێکی تر متمانە دەبەخشێتەوە بە دەسەڵاتی سیاسی ومتمانەدانەوەش واتە هێزدان پێی، ئەوەی لەم هۆڵەدا دانیشتووە کەیسێکی بچووککراوەی هەموو خەڵکی شاری سلێمانین، کە دەشێ دەسەڵاتی سیاسی ئەو ئاراستەو وێنەیە ببینێ کە ئەمە تابلۆیە یاخود گرتەیەکە لە وێنەیەکی گشتی دەرهێنراو کەلە پشتیانەوە هەموو خەڵکی سلێمانی ئامادەیە،هەروەها ئەم جۆرە بەیەك گەیشتنانە ئاراستەی چارەسەرەکان لەرێگەی گفتوگۆوە فراوانتر دەکات، تەنها یەکێکمان لەجیاتی هەموان بیرناکاتەوە، بەمە ئێمە ڕەنگرێژێ دەکەین بۆ ئەوەی دیکتاتۆریەت دروست نەبێ و پشتگیری لە سیستمی دیموکراسیەتو چەمکی مەدەنی دەکەین

. ئەوەی من لەم کۆنفرانسەدا نەمبینی کە لایەنێکی گەشی ئەم کۆنفرانسە بوون لایەنی زاڵی ڕەنگی حیزبەکان بوو، لێرە من نەمزانی چ حیزبێك هەژموونی بەسەر ئەم کۆنفرانسەدا هەیە بایی ئەوەندەی چەند بەرژەوەندی خەڵك لەم شارەدا زاڵە بەسەر بەرژەوەندییە گشتیەکانو ڕەنگی زاڵی ئێرە ڕەنگی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی بوو.

* دوا سەرنجت بۆبەشداربوانی کۆنفرانس بەگشتی چیە؟

- گرنگە ڕاگەیاندنی کوردی بایەخی گەورە بەم هەنگاوە بدات، چونکە هەنگاوی یەکەم نراوەو پێویستی بەچاودێریکردن هەیە، ئەبی لەقۆناغی دوای ئەمەدا کە ئەو ڕاسپاردانە ڕیکدەخرێن دەستەیەك هەبێ بۆ چاودێریکردنو بەدواداچوونی، بزانێ چەندێکیان جێبەجی دەکرێن، دیسانەوە خەڵکی لێ ئاگاداربکاتەوە، تەنیا نەکرێن بە کۆمەڵی دروشمی بیقەدار لەسەر کاغەزو پێشکەش بکرێن، یاخود دەسەڵاتدارەکان کۆیان بکەنەوە لەناو ڕەفەکانی خۆیاندا. ئەبی هەیئەتێ دروستبکری بەدوایدابچێ، گەر زانی هاتنەپێشەوە لەلایەن پارلەمانو حکومەتی هەرێمەوە نیە، ئەبێ ئیمزا کۆبکرێتەوە، گەر ئەو نەکرا ئەمجارە خەڵك بێتە سەرجادەو لەڕێی میدیاکانەوە ڕای خۆی بڵێ، پاشان پاشان خەڵك بێتە سەرجادە بە هێمنی بوەستێ، بۆ نموونە هەموومان لە سەعات ١١ی ڕۆژێکدا لە هەموو پارێزگاکانی سلێمانیو قەزاو ناحیەو گوندو شارۆچکەو شارە گەروەکانیشدا بێت بە هێمنی ٥ چرکە بووەستێ، بۆ ئەوەی کە دریبخات کە ئیرادەی خەڵك لەگەڵ ئەم کۆنفرانسەدایە، ئەگەر حکومەتی هەرێمو پارلەمانی کوردستان وەڵامی ئەم داخوازیانەشی بەو شێوانە نەدایەوە، ئەوا ئەوکاتە حکومەتی هەرێم ئەبی بە حکومەتی شوێنێکی تر ، بۆیە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە لەنێوان خەڵكو دەسەڵات، تازەکردنەوەی بەڵێننامەیە لەنێوان خەڵكوحکومەتدا، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند حکومەت بە تەنگیەوەیەتی، بەڵێننامەشە لە نێوان حکومەتو خەڵکدا بزانێ چەندە هاوڵاتییەکانی خۆی بەتەنگ پتەوکردنی حکومەتەکەیەوەیە.

تێبینی-ئەم چاوپێکەوتنە لەکۆنفرانسی پارێزگایی سلێمانی لە ( )ئەنجام دراوە.

**ئا- نیاز عومەر**

## ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

لیستی شەشەم

| ژ | ناوی سیانی | پیشە | دانیشتووی | چەند کەست ئەنفالە |
|---|---|---|---|---|
| ١- | یونس نەجمەدین | پۆلیس | ناحیەی رزگاری | ١ |
| ٢- | نەهیە سالح عەبدلکەریم | ژنی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ١٠ |
| ٣- | چنار کامیل ئەحمەد | ژنی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ٧ |
| ٤- | حەیات محەمەد رەسول | ژنی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ٩ |
| ٥- | حەیات خورشید رەسوڵ | بێوەژن | ناحیەی رزگاری | ٣ |
| ٦- | گەلاوێژ حەمە سالح | ژنی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ٩ |
| ٧- | محەمەد جان کەریم | پۆلیس | ناحیەی رزگاری | ١ |
| ٨- | حەبسە ئەحمەد ئیبراهیم | بێوەژن | ناحیەی رزگاری | ١ |
| ٩- | گورجیە سالح کەریم | ژنی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ٧ |
| ١٠- | حەمدیە ئەحمەد غەفور | بێوەژن | ناحیەی رزگاری | ٥ |
| ١١- | فەهیمە محەمەد ئەمین | کچی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ٢٧ |
| ١٢- | غەزال مەجید مەحمود | بێوەژن | ناحیەی رزگاری | ٦ |
| ١٣- | تەنکە سلێمان حەمە جان | ژنی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ١ |
| ١٤- | رەعنا وەلی حەمە جان | کچی ماڵ | ناحیەی رزگاری | ٢ |
| ١٥- | تەیب عەبدوڵا حەمەجان | پێشمەرگە | ناحیەی رزگاری | ٢ |
| ١٦- | رەمەزان حەمە سالح | کاسب | ناحیەی رزگاری | ٤ |
| ١٧- | فەتحیە عەباس وەلی | بێوەژن | ساڵەی | ٧ |
| ١٨- | کوێستان فازل عەباس | ژنی ماڵ | ساڵەی | ٢ |
| ١٩- | روناك سابیر سەرحەد | ژنی ماڵ | ساڵەی | ٤ |
| ٢٠- | سنەوبەر حەکیم محەمەد | کچی ماڵ | ساڵەی | ٣ |
| ٢١- | پرشنگ حەکیم محەمەد | کچی ماڵ | ساڵەی | ٣ |
| ٢٢- | پەروین حسیچن محەمەد | کچی ماڵ | ساڵەی | ١٠ |
| ٢٣- | غەزالە عەلی محەمەد | بێوەژن | ساڵەی | ٣ |
| ٢٤- | رەسول خورشید عومەر | جوتیار | ساڵەی | ١ |
| ٢٥- | نەدیمە خورشید عومەر | کچی ماڵ | ساڵەی | ١ |
| ٢٦- | سەعدیە پیرە ئیسماعیل | ژنی ماڵ | ساڵەی | ١ |
| ٢٧- | سەبریە حەسەن ئەحمەد | ژنی ماڵ | ساڵەی | ٢٢ |
| ٢٨- | نێرگز حەکیم تەلی | ژنی ماڵ | ساڵەی | ٢٢ |
| ٢٩- | ناسکە حەکیم عەلی | کچی ماڵ | ساڵەی | ٢٢ |
| ٣٠- | ئاکۆ یاسین سابر | جوتیار | ساڵەی | ٤ |

# هەوڵدان بۆ دروست کردنی رێبەری ژنان خەونێکی بەتاڵە

رێکخراو لەکۆمەڵگەیەکی وەك ئێمەدا کە بەهۆیی دۆخی سیاسیوئابوری وکۆمەڵایەتیەوە تاکەکانی نەك بەمانایی رێکخراوبوون ئاشنانین، بەڵکو لێشی دەسڵمنەوە ، رێبەرانی ئەو رێکخراوانەش زۆرینەیان هەر لەژێر کاریگەری سونەتو نەریتدا بنو ئەو دەسەڵاتەشی کە حوکمی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کەمترین بایەخی بەمەسەلەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بێت، لەزەمینەیەکی واداو بەهۆی لاوازی دۆخە خودی وبابەتیەکەوە دروست بونی رێکخراوی ژنان دروست بونێکی سروشتی نابێت، هەرچەند مێژوی دامەزراندنیان زۆرتربێت کاروچالاکی وکاریگەریان کەمترین گۆرانکاری بەسەردا دێت، قسەکردنیش لەی بێ بەرەنجامە بەو بەڵگەیەی کە ساڵانیکی زۆرە ئەم مەسەلەیە قسەی لەسەر

دەکرێت گەربەراوردێکی نوسینی رۆژنامەکان و گوزارشتی نوێنەری رێکخراوەکانی ژنان بکەین لەسالانی رابردودا کێشەی دابەش بونی رێکخراوەکان بەسەر حیزبەکان و باڵکێشانی گوتاری حیزب لەو چالاکیانەی ئەنجامی دەدەن و زۆر جاریش ولەهەندێك لەکۆنفرانسەکاندا لەبەر وتاری حیزبەکان کان بەپێی قەوارەی دەسەڵاتیان ئامادەبوانی کۆنفرانس بێزار دەبون .خۆدیارە هەرقسەکردنێك لە سالانی شەری ناوخۆ وپەیوەندی رێکخراوەکان هەرناکرێت باسی لێبکرێت، کە بەهەمان شێوەی حیزبەکان خەتی پیرەرسنور بوو، لە رۆژنامە ونوسینەکانیشدا دەمان نوسی کێشەی ژنان کێشەیەکی جیهانیە، ژنانی سێ پارێزگاش بەیەك نەدەگەیشتن، دیارە ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێت ئەم راگوزەرە کورتە

جێگایی ناکاتەوە.ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نوسینەیە ئەوکێشەیەیە کە لەنێوان لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس لەئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی ،ئامادەکارانی ئەوکۆنفرانسەدا دروست بوو کە بۆ ئامادەکردنی ژنانی سەرکردە بەسترا لە ٢١-٢٢-٢-٢٠٠٧.

خاتوو سۆز ئەندامی لیژنەی پارێزگایی سلێمانی دەڵێت"لەکۆتایی مانگی ١١دا ٥ ئەندامیان دەست نیشان کرد، بۆ ئەو کۆنفرانسەی کە ئارتی ئای لەهەولێر دەیبەست بەمەبەستی ئامادەکردنی ژنانی سەرکردە، هەرپارێزگایەك ٥کەس نوینەری بوو ، بەڵام ئێمە پێش کۆنفرانسەکە زانیمان کە بەرنامەی کۆنفرانسەکە گۆراوە دروشمەکانیان گۆریوە، بۆیە رەخنەمان هەبوو هەموودروشمەکان کرابون بەعەرەبی، لەژێر ناوی

عێراقی نوێ،ئێمە توانیمان نیوەی دروشمەکان بگۆرین ، ئەوان وتەی پارتی دیمکراتیان دانابوو،کەلە ئەجێندا کە دانەبوو، ئێمە سێ مەرجمان هەبووەك:

١-وتەی حیزب نەبێت

٢-بەرپرسێکی حکومی ژن کۆنفرانسەکە بکاتەوە.

٣-هەمووحیزبەکان قسەی خۆیان هەبێت .

بەڵام ئێمە نەگەیشتینە هیچ بەرەنجامێك خاڵەکانیان پێ قبوڵ نەبوو هاتینە دەرەوە .

ئەمرۆش دوای ١٦ ساڵ ئازادی سیاسیو کاری رێکخراوەیی گرفتەکانمان هەمان گرفتی ساڵانی پێشوبێت ئەوا هەوڵدان بۆ دروست کردنی رێبەری ژنان خەونێکی بەتاڵە.

**روناک فەرەج**